# بۆچی ئێمەی کورد، هاوشێوەی داگیرکاران لەسەربەخۆیی بوونمان تۆقیوین

ساسان دەروێش – هۆڵەندا

لە ماوەی ڕابردوودا بە دووقۆناغی جیاواز و تێپەڕبوونی کورد لە باشووری کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ی ڕاپەڕینی خەڵکی سەرتاسەری کوردستان و نیسانی ٢٠٠٣ ی نەمانی دیکتاتۆری سەدام ودارمانی دارودەستەکەی ، لەئاکامدا هەرێمی باشووری کوردستان نیمچە سەربەخۆیەکی بەخۆیەوە بەرجەستەکرد لە پیادەکردنی شۆڕشی ئاوەدان کردنەوە و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و بەشداربوون لە بەڕیوەبردنی نیوەی دەستەڵاتی عێراق لە ئەنجامی بەشداری کردنی دووپڕۆسەی هەڵبژاردن ی ئەنجومەی پەرلەمانی عێراق کە کورد



دەورێکی سەرەکی وبالای بینیوە لەوبنیات نانەی عێراق بەبێ ئەوەی هیچ خواستێکی فەرمی و داواکاری مێژووی لەبەینیانا هەبێ کە بڕوا کراوی نێودەوڵەتی بێ، تەنها ئەوەی هەیە شەریکە بەشی پارەی دزراوی نەوتین کە ئەویش دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکەوە، خاوەنی هیچ ڕێکەوتن نامەیەک نین سەرەڕای ئەم دڵسۆزیەی سەرکردەکانمان بۆ عێراق ، ناو بە ناو هەریەک لە داگیرکارانی تورک وفارس وعەرەب لەبەردەم جیهانی دیموکراتی ومافی مرۆڤ دا بە ئاشکرا هاواریان دەکرد و دژی درووست بوونی دەوڵەتی کوردی بوون لە باشووری کوردستان ،ئەم هاتوو هاوارەیەش لە دوای لە دەست دانی دوورێکەوتی مێژووی و

هەڵکەوتە بۆ کورد و لە دەست دانی بۆ ئەو عێراقەی کە تا ئێستا چەندین کێشەمان بە هەڵواسراوی لایان ماوەتەوەوبێ گوێ دانە خواستی مێژووی کورد و لە دەست دانی دەوڵەتێکی کوردی لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ و ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە٢٠٠٣ هێشتا داگیرکاران باڵۆرەی ئەوە لێ ئەدەن کە نابێ عێراق پارچە پارچە کرێ و لەولاشەوە زلهێزەکانی جیهانیش بوەستێ بۆ کپ کردنی ئەومافەو داوای خەڵکی کوردستان کە لە ڕیفراندۆمێکدا دەنگیان بە مافی چارەی خۆنووسین دا وکورد یەک پارچە لە ناوەوە و دەرەوە ڕژانە سەر شەقامەکان بە ئاڵای کوردستانەوە لە بری دەوڵەتی کوردی ، دەوڵەتی عێراق پێکهات.

تراژیدیای گەورە لە وەدایە ئەو دەسکەوتەی کە داگیرکارانی تۆقاندوە لە جیابوونەوەمان بۆ ئێمەش وەک ترس بەرجەستەمان کردوە لە خۆماندا و ئێمەش وەک داگیرکاران لە دژی سەربەخۆیی خۆمان دەوەستاین .

ئەگەر بێت ولەیەک سەدەی ڕابردووی مێژووی خوێناوی وڕاپەڕینەکانی کورد بڕوانین یەک دەستەواژەی دروست کراوی هەلخەڵەتینرای داگیرکاران بەرچاومان دەکەوێت ودەخوێنینەوە کە ئێمەی کورد بۆ یە جاڕی سەربەخۆ بوونمان نادەین چونکە ژێرخانێکی ئابووری تۆکمەمان نیەو سنوری دەریای و چواردەورمان بە داگیرکاران تەنراوە وهاوسۆزی وپاڵپشتی نێودەوڵەتیمان نیە ، ئەگینا زۆر لەمێژووبوو خەونی ئەحمەدی خانیمان ئەهێنایەدی کە باس لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات پێش ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر بەڵام کەسێتی خۆمان وسەرکردە کلاسیکەکانمان ئەو ترسەیان لا دروست کردووین کە بە ئۆتۆنۆمی ودیموکراسی وپێکەوە ژیان لەگەڵ داگیرکاران ڕازی بین لە پیادەکردنی چەند مافیکی سەرەتایی بۆمان ئەگەر بێت وبڕوانینە ئەم گفتوگۆیە ئەوترسەمان بۆ دەردەکەوێ ..... کە کاک نەوشیروان مستەفا لە کتێبەکەی لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ لە لاپەڕە ١٥ باس لە خوێندکارێکی کوردی سوریا دەکات کە نامیلکەیەکی کورتیلەی بەزمانی ئەڵەمانی لەژێرناوی کورد گەلێکی بێ دەوڵەت نوسی بوو کە هەندێ زانیاری سەرەتایی وگشتی لەسەر کورد و نیشتیمانەکەی تێ دابووبۆ ناساندنی کورد دواتر کاک نەوشیروان مستەفا لە درێژەی باسەکەیدا دەڵی بە کەسێکی نەشارەزا شتێکی باش بوو نەخشەیەکی فراوانکراوی کوردستانی لەسەربەرگەکەی کردبوولای خوارووی لەسەرخەلیج ولای ڕۆژئاوای گەیشت بووە سەر دەریای سپی ناوەڕاست پاشان کاک نەوشیروان مستەفا لەسەر ناوەرۆکەکەی بەقسەی خۆی دەڵێ بەشداربووە لە چەند کۆبوونەوەیک لەسەر نامیلکەکە و دەڵی لەسەرنەخشەکەی کوردستان بۆ چوونم هەبوو کە

ئەمەیە ئەمجۆرە نەخشەیە گەلانی دراوسێ ئەترسێنێ ودژی کورد ئەیان ووروژێنێ ،هەندێ شوێن خراوەتە ناو سنوری جوگرافی کوردستانەوە ئێستا بە ئەرزی کورد دانانرێن ڕەنگە هەبێ بلێ کورد هێشتا دەولەتی نیە چاوی بڕیوەتە ئەرزی گەلانی ترئەبێ ئەگەر دەولەت ولەشکری هەبێ چی بکات ؟

دواتر دەڵی قسەیەکی زۆرکرا لەسەر دەسکاری نەخشەکە بەڵام خاوەن نووسەرەکە لەسەر هەلۆیستی خۆی بەردەوام بوو ئەیوت ئەوانە هەزاران ساڵە کوردستان تاڵان ئەکەن لە باتی( تعویز) ئەوە من بە پارەلێ یان ڕازی نابم ئەرزیان لێ وەرئەگرم، چەند هەوڵیان داوە بێ هودە بووەو ووتویەتی من دەس لە دەریا بەرنادەم پێ وابومن گرنگی هەبونی دەریا نازانم ونازنم نەبوی سنوری دەریایی چ کارێکی خراپی کردۆتە سەر چارەنوسی سیاسی کورد بۆیە من دەستم لێ بەرئەداو ئەو دەستی لێ بەرنەئەدا.

ئەی ئەگەر شرۆڤەیەک بۆ هەلۆیستی کوردێکی ڕۆژئاوای کوردستان وسەرکردەیەکی دیاری کوردستان بکەین لە دوای ئەو زەمەنە مێژوویە کە کاک نەوشیروان دەڵێ کورد دەولەت ولەشکری هەبێ چی بکات ؟!

ئەی ئەوەنیە خاوەنی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆو لەشکرو ئابووریەکی باشمان هەیە لە بوژاندنەوەی کوردستان کە ئەمڕۆ دەی بینین کە لەماڵەکانماندا خزمەتکاری بیانی هەیەو شەقام پڕلەئۆتۆمۆبیل خەلک ناتوانن بەسانای ڕێگابکەن ولەبەر کۆشک وتەلار سێبەری ئاسمانمان لێ گیراوە و لەبەر کۆمپانیاو کاری بازرگانی خانووی چۆل نەماوە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش سەرۆک کۆمار کورد و هەندێ لە دارودەست وپێوەندیشی لە دەستەلاتی کارتۆنی هەرکوردن بۆ بەرگری کردن لەومافەی کورد و خەبات و تێکۆشانی خەلکی کوردستان لەوجێگایەوە لە دیمانەیەکی یەکێ لە میدیاکان سەرۆک کۆمار بۆ ڕازی کردنی دەولەتانی داگیرکەر هەولدانی ئەو خەونە کە دروست بوونی دەولەتی کوردی وشادبوون بە مافی چارەنووسە بە خەونی شاعیر وەسفی دەکات ، ئەدی دەبێ کورد چاوەڕوانی چی بن تا عێراق بە تەواوی سەرپێ ی خۆی ئەکەوێ لە خۆ پڕچەک کردن وهیوربوونەوە و ئاسایی بوونی کەش وهەواکەی لە تیرۆر و تیرۆریستان، ئەوسا بە زمانی چەک وخوێن ڕشتن لە مێژوودا شکستێکی تری کورد تۆماربکەین بۆ نەوەکانی دوای خۆمان کە ئەو عێراقەی هەر لە یەکەم سوێند خواردنەوە چاو ڕایان لەگەڵ کورد کردو نیاز خراپی خۆیان نیشانداو ئێستا کات بەفیڕۆدەدەن لە خۆقایم کردن .

نەگبەتی کورد لەوەدایە کە خۆمان کۆتمان لەپێی نەوەکانی داهاتووشمان کرد بە بەشداری لە عێراقی هەڵوەشاوە و ئێمە خۆمان پێش داگیرکاران سەربەخۆیی کوردستانمان ڕەت کردەوە بەردەوام داوای پێکەوە ژیان لەگەڵ داگیرکاران دەکەین بێ ئەوەی وەرچەرخانێک لەتەکنیک وستراتیژی کوردیدا ڕوبدابێ .ئەگینا لە دوای وادەی یاسای ماددەی ١٤٠ دەبوو کورد یەک ڕیزی هەڵوێستی وەرگرتایە لە جیابوونەوە و خۆدزینەوەی سەرانی عێراق لە مافەکانی کورد، نیشانی داگیرکارنی بدایە تا ئەو کاتە ئێمە دڵسۆزو ئەوان زۆڵ،بائەمەش بخەینەسەرئەومێژووەتاڵانەولەئایندەبڕوانین وبڵێین ئەی کوا ١٨ خاڵەکەی کە دراوە بە کابینە نوێ کەی مالیکی بۆ جێ بەجێ کردن ، ماوەی نێوانمان و دەستەلات چەندە  بۆجێ بەجێ کردن با شەفافیەت هەبێ و کات بەفیڕۆنەچی و دواتر داوای خەڵکی کوردستان بێ و بڕژێنە سەرشەقامەکان  بۆ داواکاریەکانیان .

بمانەوێ ونەمانەوێ لەگەڵ دەسپێکی ساڵی ٢٠١١ وا چاوەڕوان دەکرێ هەندێ ڕووداویووروژێنەر پانتایەکی جیهان بگرێتەوە و لەیەک کاتدا مانشێتی هەموو میدیاکان ڕووداوەکان بگوازێتەوە بۆ جیهان و هەمووان بێ ئاگانەبن لێێ .

کە ئەویش ئەوەیە پێ دەچێت خواستی گەلان بەپێێ تێپەڕبوونی زەمەن و دەرهاویشتەکانی بۆ چەسپاندنی دیموکراتیەت و ڕەت کردنەوەی دیکتاتۆری و ژێردەستەی،  تەوژمی ناڕەزای خەڵک وداوای دیموکراتیەت هێڵی بەستوووی ئەستووری بەربەستەکان بشکێنێ وببێتە زەروورەتێکی حەتمی و دیکتاتۆرەکان و داگیرکاران لە بەردەمیا نەتوانن بەربەست دانین ،هۆکارەکەشی دەگەڕیتەوە بۆ هۆشیاری نەتەوەکان لە دەست زوڵم و زۆرداری و دەستە مۆنەکردن ودزینی سەروەت وسامانی نیشتیمانیان کە ئەمرۆ ڕای گشتی نێودەوڵەتیش پاڵپشتی دەنگە ئازادەکان وشەقامی گشتی دەکەن وپشت لە دیکتاتۆران و داگیرکاران دەکەن ،کە ئێستا ڕای گشتی وجەماوەری بەهێزترین فاکتەرن بۆ چەسپاندنی چەمکە ئازادیخوازەکان و ڕامالینی ئاسەواری ڕژێمە نەگەتیفەکان، ئەمەش لە حاڵەتی دووری دەستەلات وجەماوەر دروست بوو کە بینیمان لەتونس ومیسرویەمەن و چاوەڕوان دەکرێ هەندێ وولاتی تریش پریشکی ئەو ئاگرەبیان گرێتەوە  لە نەبوونی دیموکراسی و دەستە بەرنەکردنی پێداویستیەکانی خەڵک .لە پاڵ ئەم ڕووداوانەش پرۆسەی ڕاپرسی لەسەر بڕیاردان لە چارەنووسی باشووری سۆدانمان بینی کە لە دوای ڕێکەوتنی ئاشتی ئیڤاشا- کینیا لە٩ /٢٠٠٥/١ لە نێوان حکومەتی سودان – خەرتووم وسوپای ڕزگاریخوازی میلی سودان واژویان کردو کۆتاییان بە زیاتر لە٢٠ ساڵ

شەڕی ناوخۆ هێناو لە٢٠١١/١/٩ نزیکەی ٥ ملیۆن کەسی لە باشووری سودان جوونە بەردەمی سندوقی دەنگدان بۆ جیابوونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان .

هاوشێوەی سودانیش ئاماژەیەکیشەبۆ عێراق و وولاتانی تر کە لەژێر باڵیاندا ژێر دەستەوخاکی داگیرکراو هەیە کە داوای دیاری کردنی مافی چارەنووسی خۆیان بکەن ،پرسی کورد لەم هەلومەرجەدا زۆر لەبارە کە لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندی عێراق کێشەکانی بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و چارەسەر ناکرێ لەلایەن هێزی جەماوەرەوە بکرێتە ئەمری واقیع و برژێنە سەرشەقامەکان و داوای مافی چارەنووسین بکەن نەک بێ هەڵوێستی وبێ دەنگی وترس لە بوجەو دەستەلات وکورسی، ئەمجارەشیان چاو لەدەریاک خوێن و فرمێسک بپۆشن چونکە هەڕەشەی داگیرکاران بەسەرچوو لەوەی لەسەربەخۆی کورد و دروست بوونی دەوڵەتی کوردی بمان ترسێنن ئەگەر خۆمان خۆمان نەترسێنین تۆپ لە قاچی خۆماندایە و کورد گۆڵی خۆی لە عێراق وعەرەبی شۆڤینستی بکاتەوە.

جاڕی سەربەخۆبوون و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنن  بەهێزوپشتی جەماوەری کوردستان وناڕازی بوونیان لەپێکەوە ژیان لەگەل دەستەلاتی ناوەند کەکات بەفیرۆئەدەن لەدەستەبەرنکردنی مافی کورد.